کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-5-2007 12:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شەهیدکردنی لاوە ئێزدیەکان لاوازی حکومەتی عێراق و پارتە کوردیەکان دەردەخات ... گۆران فەتحی



لەوەدەچی ئەم وولاتەی پێی دەوترێت عیراق، هەر لەدێرزەمانەوە بایەقووش تێیدا خوێندبێتی، بۆیە هەردەم کوشتارو خوین رشتنی تێدا بووە، ئەم وولاتە قەت سەردەمی خۆشی بەخۆوە نەبینیوە، لەسەردەمی ئاشوریەکانەوە تا سەردەمی ئێستاشی لەگەڵدا بێت. ئەم خاکە هەردەم بووە بەئاگرو رۆڵەکانی خۆی سووتاندووە، وولاتێکە هەموو جۆرە ئاین و مەزهەب و تایفەی تێیدا یە، هەردەم شەڕو شۆڕی تێدا بووەو رێگای هێرشی سوپای وولاتە زلهیزەکان بووە، هەردەم لەرۆڵەکانی کوژراوەو سەریان لەلەشیان کراوەتەوەو گردۆلکەی وەکو نیشانەی سەرکەوتنی پێ دروست کراوە. لەم وولاتەدا سوننە حەزی لەشیعە نییە، کوردو عەرەب و تورکمان و هەموو ئەوانی تر کەس حەزی بەچارەی یەکدی ناکەن، هەمووی خۆی بەخاوەن هەق دەزانی، بەردەوام لەیەکتری دەکوژن سوننەو شیعە لەیەکترو عەرەب کوردو تورکمان و ئەوانی تریش بەهەمان شێوە، ئیسلامی لە ئێزیدی و مەسیحی و سابیئە دەکوژێت. بۆیە بەردەوام دەبینین گەنجان و هاولاتیان بەلێشاوو لەم خاك و وولاتە رادەکەن و بەجێی دەهێڵن،

ئەمەوێ بێمە سەر مەبەستی بابەتەکە، کوژرانی کچە کوردی ئێزدی دوعا، کە بەخاچدا کراو بەدەستی خزم و کەسوکارو هەروەها چەند لاوێکی سەرلێشێواو لەدێی بەحزانی ئێزدیان، ئەم کارە واتا کوشتنەکەی دوعا زۆر نامرۆڤانە بوو بەهەموو پێوەرێك، بەلام بەقەد ئەوەو لەوەش نامرۆڤانەتر کوشتنی 24 لاوی ئێزدی بوو لەشاری موسل بەدەستی عەرەبە شۆفێنی و توندڕەوەکان، تەنها لەبەر ئەوەی گوایە ئێزدی بوونە.

کاتێك وێنەی کوشتنی ئەو برا ئێزدیانەم لەسەر یەکێك لەسایتەکانی ئینتەرنیت بینی، کەلەپاڵ دیوارێك پاڵ خرابوون و دەست و قاچیان بەسترابوو جل و برگی ئاسایی خۆیان لەبەر بوو، تووشی شۆك بووم، رەنگە ئەوان دڵنیاش نەبووبن لەوەی دوای چەند ساتێکی تر دەکوژرین، لەبەر ئەوەی هیچیان لەخۆ شك نەدەبردو هەروەها لەنێو خودی شاری موسڵ و لەناو بازاڕدا رێگە بەپاسەکەیان گیراوو دابەزێنران، لەوەش دەچێ لەهەمان کاتدا بەرەو ئەو شوێنە برابێتن کە دەکوژرێن تێیدا بێ ئەوەی بزانن تاوانیان چییە.

ئەوان تەنها کرێکاری ئاسایی کارگەی رستن و چنین موسڵ بوون و تەنها تاوانیش کە تیرۆریستان دەیخەنە پاڵیان ئەوەیە کەکوردی ئێزدین، لەو بڕوایەدا نیم ئەوان واتا تیرۆریستان ئەم گەنجانەیان لەتۆڵەی کوشتنی دوعا کردبێت و ئەو گەنجە ئێزدیانەیان بەو کارەساتە گەیاند، چونکە ئەوە تەنها بەهانەیەکە و قەت ئەو شۆفێنیانە لەبەر خاتری کچە کوردێك شتی وا ناکەن.. ئەوە تەنها قین و رقی دڵی خۆیانە لەهەموو کوردێك بەبێ جیاوازی ئاینی یان مەزهەب یان هەر شتێکی تر. بەراستی بینیی وێنەی ڤیدیویی شەهیدکردنی ئەو گەنجانە تەنها سەردەمی بەعس و دەستی بەعست وەبیر دێنێتەوە کەهیچ گومان لەوەدا نییە ئەو تیرۆریستانە هەمان ئەو بەعسیانەنن کە ئەو کوردە ئێزیدیانە دەکوژن.

زۆر لەسەر کوشتنی دوعا نوسراو هەروەها باس لەوە کرا کە ئەو 24 ئیزدیە لەتۆڵەی ئەودا کوژران، هەروەها لەزۆربەی شارەکانی کوردستان هێرش کرایە سەر کرێکارە ئێزدیەکان، ئەوەی جێگەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دڵخۆشییە هیچ ڕووداوێك لەکوردستاندا ڕووی نەدا کە ببێتە ئەوەی نێوان کوردی موسوڵمان و کوردی ئێزدی تێك بدات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخیشە زۆر لە بەناو نووسەری کوردیش هانی توندوتیژیان دا بەرامبەر بەبرا ئێزدیەکان و شۆفینستانی عەرەبیش ئەمەیان کرد بەهەل لەموسڵ و ئەو کارە دڕندانەیەیان ئەنجامدا، وەکو هەموو کارە قێزونەکانی تریان، بۆیە دەبێت حکومەت و هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کورد چارەسەرێك بۆ شاری موسڵ و ناوچە تەعریبکراوەکانی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوکایەتی لەو جۆرە بەرامبەر بەکورد نەکرێت و گەنجەکانمان بەو دەردە نەبڕێن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.